# ماهییەتی سۆز و خۆشەویستی لە سایکۆلۆژیادا

سەعید محەمەد نووری(*)

ئەگەر دەرفەتی ئەوەمان هەبێت بتوانین ئامارێکی تەواوی ئەو نووسین و گوزارشتانە بکەین کە ڕۆژانە مرۆڤەکان لە بارەی سۆز و خۆشەویستییەوە دەیخەنە ڕوو، ئەوا زۆر بە سانایی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی لەم بوارەدا گوتراوە و دەگوترێت و دەنووسرێت، یەکجار زۆرترە لە هەر چالاکییەکی تر لە چالاکییە ویژدانییەکانی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەژارییەکی بەرچاو دەبینین لە بواری شیتەڵکاری زانستی بۆ ئەم بوارە زەینییەوە. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک مۆسیقا لەسەر تەلەکانی سۆز بچڕین بە هیوای ئەوەی بتوانین دەرگایەک لەسەر ئەم بوارە واڵا بکەین.

## چەمکی سۆز

سۆز sentiment ئاماژەیەکە بۆ پەیوەست بوون -Attachment کە پێک دێن لە هەڵچوونێکی پۆزەتیڤ ،یان نێگەتیڤ بەرانبەر بە کەسێکی تر. یان ئامادەییەکی شاراوەی جێگیرە (بە شێوەیەکی ڕێژەیی) کە لە چەندان جۆرە هەڵچوون پێک دێت کە لە زۆربەی کاتەکاندا بەرجەستە بوونی دەرئەنجامێکە بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

هەرچی هەڵچوونە Emotion ئەوە بە یەکەی بنەڕەتی بنیادی کەسێتی تەماشا دەکرێت، کە پێک دێت لە ڕاڤەکردنەکانمان لەبارەی حاڵەتە فسیۆلۆژییەکانمانەوە.

سۆزەکان دوو کۆمەڵە لە هەڵچوونەکان دەگرنەوە کە ئەمانەن:

أ- ویژدان Affection، کە بە مانای پەیوەست بوونی سۆزیش دێت، کە لە ڕاستیدا لایەنگرانی قوتابخانەی شیتەڵکاری دەروونی لە سایکۆلۆژیای ئەڵمانیاوە وەریانگرت، کە بریتییەلە حاڵەتێکی سۆزی، چ خۆش، یان ئازاراوی بێت، ڕوون یان شاراوە، یان

بریتییە لە گوزارشتێکی چۆنایەتی لە چەندایەتی وزەی ڕەمەکی و گۆڕانکاییەکانی.

ب- ڕک یان قیز لێ بوونەوە Repulsion، کە پێک دێت لەو وەڵامدانەوە هەڵچوونییەی کە لە لایەنە نێگەتیڤەکانی پێوەندی سۆزیەوە بەرهەم دێت، بەڵام بەهۆی سروشتی ناجێگیری وەڵامدانەوە هەڵچوونییەکان ئەوا ئەستەمە بتوانین مامەڵە لەگەڵ سۆز بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بکەین.

## دەرئەنجامەکانی سۆز

سێ دەرئەنجامی بنەڕەتی هەیە بۆ پەیوەست بوونی سۆزی بە کەسانی ترەوە، بەڵام یەکجار تێکەڵاو و ئاڵۆزن لە نێوان خۆیاندا کە دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ بکەین:

- سۆز وەک پاڵنەرێک:

ئاشکرایە کە لە کاتی پەیوەست بوونمان بە هەر شتێکەوە، ئەو شتە (بابەت یان کەس) جۆرێک لە پاڵنەرمان لەلادا دەورووژێنێت، یان وەک پاڵنەرێک کارمان لێ دەکات. بۆ نموونە تاکەکان حەز بە ویستێکی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکانیان بن، بۆ؟ چونکە هاوڕێیەتیان جۆرێک لە پاداشتیان پێ دەبەخشێ، بۆیە ئامادەبوونیان حاڵەتێکی پاڵنەرمان لەلادا دەورووژێنێت.

- یەکێتی پێوەندییەکان:

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی پەیوەست بوونی سۆزداری ئەوەیە کە پێوەندییەکانمان بۆ دروست دەکات کە لە خاسێتەکانی یەکێتی و یەکانگیرییە، کە مەبەستمان لێی دروست کردنی پێوەندییە لەنێوان تاکەکاندا. بە شێوەیەک تاک وا هەست دەکات کە پشت بە کەسانی تر دەبەستێ و کەسانی تریش پشتی پێ دەبەستن، وەک ئەوەی کە یەکەیەکی یەکگرتوو بن، بەشێوەیەک ئەستەمە بتوانێ بەبێ ئەوی تریان باس لە کەسەکەی دی بکەیت.

- بەختەوەری ئەوانی تر:

بەختەوەری یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی کە جێگایەکی تایبەتی هەبووە لە مێژووی فەلسەفە و بواری دەروونزانی بە درێژایی مێژوو، بۆیە ئەم چەمکە یەکێک بووە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی زانایان. جگە لەوەش مرۆڤ بۆخۆی بە شێوەیەکی سروشتی بەدوای هاوسەنگیدا دەگەڕێت بە ئامانجی بەرجەستە کردنی بەختەوەری، بەڵام ئێمە دەزانین کە لە پەیوەست بوونی سۆزداریدا مرۆڤ کاردەکات بۆ بەختەوەربوونی کەسی بەرانبەری، بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی سۆزداری بەختەوەری ئەوانی ترە لێرەدا بەختەوەری و شادمانی لایەنێک ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژیان و دەروونی لایەنەکەی دیکە و بە پێچەوانەوەش هەر ڕاستە.

سرنج ڕاکێشی و سۆز:

سرنج ڕاکێشی Attraction بریتییە لەحاڵەتێکی سەرسامی بە کەسێکی دیاریکراو، کە تێیدا ئەو خاسێتانە بەرجەستە دەکەین کە لە لامان خۆشەویستە کلوربیرن ١٩٧٤ وای بۆ دەچن کە ئێمە زیاتربۆ لای ئەو کەسانە کێش دەبین کە پاداشتمان پێ دەبەخشن، جا ڕەنگە ئەم پاداشتە ڕاستەوخۆ بێت (لە خودی کەسەکەوە بێت)، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (لە دەرەنجامی هەڵوێستە سۆزییەکەوە بێت)، هەرچەندە پاداشتەکان زیاتر بێت پلەی کێش بوونمان بۆی زیاتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەی کە پاداشتەکان یەک مانایان نییە بەلای هەموو کەسەکانەوە، بۆیە هەندێک هۆکار هەیە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە سرنج ڕاکێشی لە نێوان تاکەکاندا لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش:

١- نزیکی Proximity

٢- دووبارەبوونەوەی دیدارەکان. Exposure

٣- ئولفەت. Familiarity

٤- لە یەکترچوون.

٥- کەشخەیPhysicalattractivenes .

٦- ئاڵوگۆڕکردنی سۆز Reciporealliking

٧- یەکتر تەواوکردن. Complementarity

٨- لێهاتوویی Competence

لەگەڵ ئەم چەند هۆکارانەشدا چەندان تیۆری تایبەت هەیە کە لێکدانەوەی ئەم بابەتە دەکات کە ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بۆ دوو لایەن کە هەر یەکێکیان بە ئاراستەیەکدا لێکدانەوە بۆ هۆکارەکانی سەرسام بوونی ئێمە و کێش بوونمان بۆ لای کەسێکی تر دەکەن کە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین.

## تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی سرنج ڕاکێشان

١- تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی:

لایەنگیرانی ئەم تیۆرە وای بۆ دەچن کە پێوەندییە ڕۆمانسییەکانی نێوان تاکەکان لە زۆربەی کاتەکاندا لە نێوان ئەو کەسانەدا دروست دەبێت کە دەتوانن پاداشتی یەکتربدەنەوە بە پلەیەکی هاوشێوە.

هەر لایەنگیرانی ئەم تیۆرە وای بۆ دەچن کە بارودۆخێکی نموونەیی ئێمە لە ڕێگای بەدەستهێنانی هاوبەشێکی نموونەییەوە دێتە دی، چونکە ئێمە بە

سروشتمان خۆپەرستین. لەبەرئەوەی هەندێ جار ئەم ئامانجەمان ئەستەمە بێتەدی،بۆیە بە هەندێ چارەسەری ناوەندی ڕازی دەبین بە باوەڕی لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئێمە کەسانێک هەڵدەبژێرین کە هاوشێوەن بۆمان لە پلەی سرنج ڕاکێشی چ لە ئاستی بەرز، یان ناوەندی یان لاواز. لەم بوارەشدا (برایس و فاندر بیرغ) ١٩٧٩ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە: «دیاردەی لەیەکترچوون (لە ئاستی سرنج ڕاکێشی جەستەی لەلای هاوسەرەکان) دیاردەیەکی سەلمێنراوە لەیەک نەوەدا هەروەک چۆن بابەتەکە هاوشێوەیە لەلای نەوەکانی تریش».

٢- تیۆری دەسکەوت و دۆڕاندن Gain- loss theory:

هەریەکە لە ئارنسۆن و لندر ١٩٦٥ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کێشمان لەوپەڕیدا دەبێت بۆ لای ئەو کەسانەی کە قسەیەکی باش لەبارەمانەوە دەڵێن لە بۆنەیەکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە دەڵێت ویستمان بۆ کەسێکی تر کە لە سەرەتادا ڕکی لێمان بووە پاشان حەزی پێ کردووین زیاتر دەبێت لەو کەسەی کە هەر لە سەرەتاوە حەزی پێ کردووین بە هەمان شێوە ڕوانگەیەکی نێگەتیڤ بەرانبەر بەو کەسە دروست دەکەین کە لە سەرەتادا حەزی پێ کردووین و پاشان ڕکی لە نزیک بوونەوە بووە لێمان.

٣- تیۆری پێویستییە تەواوکارییەکان Comple-mentary Needs theory:

ئایا دوو دژیەک کێش دەبن بۆ لای یەک؟ لەم بوارەدا بەڵگەی کەم هەیە لەسەر ئەوەی کە پێوەندییەکان لەسەر بنەمای یەکتر تەواوکردن دروست دەبێت نەک لەیەکترچوون، بەڵام لایەنگرانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوە هۆکارە تەواوکارییەکانن کێشمان دەکەن بۆلای کەسانی تر. لێرەشدا ونش ١٩٥٨تێبینی ئەوەی کرد کە پیاو و ئافرەت حەز بەوە دەکەن کە هاوبەشەکەیان پێویستیان بە سیفەتێکی هەبێت کە لە خویاندا نییە. بۆ نموونە دەبینین ئەو ئافرەتانە کە حەز بە چاودێری کەسانی تر دەکەن شوو بە پیاوانێک دەکەن کە پێویستییان بە کەسێکە گرنگیان پێ بدەن.

لێکدانەوەیەک بۆ ئەم تیۆرانە:

بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کە پێوەندییە سۆزدارییەکان بەهۆی لەیەکتر چوون لەنێوان تاکەکاندا دروست دەبن (لەیەکتر چوون لە هزر و بەها و دابونەریت). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بۆچوونی تر بەو ئاراستەیەدا تەماشای پێوەندییەکان دەکەن کە دەرەنجامێکە بۆ جیاوازییەکان نەک لەیەکترچوونەکان، بۆیە لەو باوەڕەدان کە تاک کێش دەبێت بۆ لای ئەو کەسەی جیاوازی هەیە لەو خاسێتانەی کە بوونی لەلای ئەو بەجۆرێکی ترە.

کەواتە وەک ئاماژەمان بۆ کرد سۆز هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی پێوەندی لەنێوان کەسەکاندا. وەک ڕوونیشە کە سۆز و سرنج ڕاکێشی لە پێوەندییەکی بەردەوامدان، بۆیە دەتوانین بڵێین سۆز Sentiment ئەو هزرەیە کە زیاترین پێوەندی هەیە بە خۆشەویستییەوە، بەوەی کە جۆرێکە لە پەیوەست بوونی هەڵچوونی بەکەسێکی ترەوە. لەبەرئەوەی هەڵچوون پێکهاتەیەکی مەعریفی (هزر)ی و پێکهاتەیەکی دەروونی (هەستەکان)ی هەیە، بۆیە دەتوانین سرنج ڕاکێشی بەوە بناسین کە نوێنەرایەتی لایەنی مەعریفی سۆز دەکات.

چەمکی خۆشەویستی:

خۆشەویستی سۆزێکی مرۆیی بەرزە، کە بەنەبوونی مرۆڤ بەرزترین سۆزی لە دەست دەچێ کە وەک مرۆڤێک جیای دەکاتەوە، جگە لەوەی کە بەبێ خۆشەویستی ژیان بوون و خۆشی خۆی لەدەست دەدات.

لە ڕاستیدا جیاوازی هەیە لەنێوان سەرسام بوون و خۆشەویستی، سەرسام بوون پێک دێت لە ڕێزگرتنی پۆزەتیڤ و ڕێزگرتنی کەسانی تر و هەندێک لە سۆزیش، بەڵام خۆشەویستی سەرسام بوونێکی بەهێز نییە بۆ کەسی بەرانبەر بە تەنیا، بەڵکو جیاوازە لێی جیاوازییەکی چۆنایەتی، لە ڕوانگەی (ڕوبن)ەوە خۆشەویستی پێک دێت لە پەیوەست بوون Attach-ment، و حەمیمیەت Intimacy و گرنگی پێدانێکی زۆر بە کەسانی تر Caring. مەبەست لە پەیوەست بوونی پێویستییە بۆ نزیک کەوتنەوە لە کەسی خۆش ویستراو و پشتگیری کردنی. هەرچی حەمیمیەتە ئەوە مانای ویستمانە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەمان دوور لە چاوی کەسانی تر، و بەشداری کردن لەبیر و بۆچوون و هەستە دیاریکراوەکانی. گرنگی پێدانی زۆر بریتییە لە هەست کردن بە لێپرسراویەتی بەرانبەر بە خۆشەویست و گرنگی پێدانی. هەر لێرەشدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بۆچوونی ڕوبن لەبارەی چاودێری و گرنگی پێدان دەگونجێ لەگەڵ پێناسەی ئیرک فرۆم ١٩٦٢ بۆ خۆشەویستی، کە دەڵێت: «خۆشەویستی بە گرنگی پێدانێکی قووڵ بە ژیانی کەسی خۆش ویستراو و چاودێرییەکی تەواو بۆ گەشەسەندنی دەناسرێتەوە».

خۆشەویستی یەکێکە لە گرنگترین پێویستییە

دەروونییەکان لەلای مرۆڤ و هەندێ لە بوونە تەندروستەکان لەلایەنی هزری و دەروونییەوە. لە کۆنترین بۆچوونەکانیش بۆ چەمکی خۆشەویستی تێگەیشتنی ئەفلاتوونە، کە وای بۆ دەچوو خۆشەویستی بریتییە لە لەزەت وەرگرتن لە جوانی بەو مانایەی کە جوانی حەقیقەتێکی باڵایە.

لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ڕەنگە ئیرک فرۆم (١٩٠٠–١٩٧٩) لە هەموو کەسانی تر گرنگی زیاتری بە خۆشەویستی داوە کە ئەمەش بە ڕوونی لە کتێبی (هونەری خۆشەویستی Art of loving) بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو کە دەڵێت: «ئەم ویستە بۆ لکان بە کەسێکی ترەوە (مانای خۆشەویستییە) کە گەورەترین حەزە لەلای مرۆڤ، خۆشەویستی توندترین سۆزی ناوەرۆکییە، و هەر ئەویش ئەو هێزەیە کەوا دەکات ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و هۆکاری گرێدانی هۆز و خێزان و کۆمەڵگایە. و سەرنەکەوتنی لە بەدیهێنانی ئەم خۆلکاندنە مانای شێتییە، یان وێران بوون وێرانی بۆ خود، یان بۆ ئەوانی تر. بەبێ خۆشەویستی مرۆڤایەتی بۆ یەک ڕۆژ نەیدەتوانی بەردەوام بێت».

خۆشەویستی لە ڕوانگەی فرۆمەوە، مانای گرنگی دانە بە بەختەوەری کەس، و بە پتەوکردنی ژیان و گەشەپێدانی، مەبەستی فرۆم لە بەرپرسیاریەتی سەپاندن نییە، بەڵکو ویستێکی ئارەزوومەندانەیە بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی کەسانێکی تر. مەبەست لە ڕێزگرتن ناسینی کەس و قبول کردنییەتی وەک خۆی نەک وەک ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە. ئەم ڕێزگرتنەش ئەستەمە بەبێ ناسین و تێگەیشتن لەو کەسە.

## جۆرەکانی خۆشەویستی

وەک باوە لە ناو خەڵکیدا کە یەک جۆرە خۆشەویستی هەیە، بەڵام توێژەران و زانایانی بواری دەروونناسی وای بۆ دەچن کە وشەی خۆشەویستی گوزارشتێکە فێردەبین بەسەر چەند حاڵەتێکی ورووژاندنی فسیۆلۆژیدا دەیبەین کە دووچارمان دەبێتەوە، بەڵام خۆشەویستی بریتی نییە لە «نیشانەی» جەستەی توندی بەردەوام، بەڵکو باشتر وایە وەک جۆرێک لە ئاراستەی دەروونی Atritude تەماشای بکەین کە کەسێک هەیەتی بەرانبەر بە کەسێکی تر، بەڵام گرنگترین پرسیارێک لێرەدا ئەوەیە کە ئایا چەند جۆر خۆشەویستی هەیە؟

جۆن لی ١٩٧٣ لە کتێبی (ڕەنگەکانی خۆشەویستی)دا ئاماژە بۆ شەش جۆر لە خۆشەویستی دەکات کە ئەمانەن:

١– هاوڕێیەتییە بەردەوامەکان.
٢– خۆشەویستی کەسانی تر.
٣– خۆشەویستی پشت بەستنی توند بەوانی تر.
٤– خۆشەویستی واقیعی و مەعقول.
٥– خۆشەویستی خود.
٦– خۆشەویستی ڕۆمانسی.

بەڵام بیرشاید و والستر ١٩٧٨ جیاوازی دەکەن لەنێوان دوو جۆر لە خۆشەویستی کە ئەوانیش:

١– خۆشەویستی ڕۆمانسی Romantic Love : کە بریتییە لە «حاڵەتێکی پڕ لە خۆلکاندن بە کەسی بەرانبەرەوە، کە دەناسرێتەوە بە ویستێکی قووڵ، پاڵپشت بە حاڵەتێکی توندی ورووژانی فسیۆلۆژی».

٢– خۆشەویستی هاوڕێیەتی Companionate Love: بریتییە لە «حاڵەتێکی ویژدانی کە هەستی پێ دەکەین بەرانبەر ئەو کەسانەی کە ژیانمان تێکەڵاو دەبێت بە ژیانیان».

خۆشەویستی ڕۆمانسی دەناسرێتەوە بە کۆمەڵێ هەستی توند لە بەرزی و باڵایی و دڵەڕاوکێ و ویستی سێکسی، هەروەک چۆن پێوەندی هەیە بە زیادبوونی چالاکی لقی سمبساوی لە دەزگای دەماری سەربەخۆ Sympathic nervous system.

تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی پێوەندی خۆشەویستی:

١– تیۆری ستیرنبرگ ١٩٨٨: ئەم تیۆرە هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییە سۆزدارییە جیاوازەکان بە پشت بەستن بە هەرسێ ڕەهەندەکەی خۆشەویستی کە بریتین لە ئەڤینداری Intimacy و سۆزداری Passion و پابەندبوون Commitment.

لەم بوارەدا ستیرنبرگ بۆچوونێکی تایبەتی لە شێوەی سێگۆشەیەکدا خستە ڕوو کە بەم شێوەیە بوو:




**هەر سێ جۆرەکانی خۆشەویستی وەک یەکێتییەک بۆ خۆشەویستی بە ڕوانگەی ستیرنبرگ ١٩٨٨**

ئەڤـینداری: بەواتای ئەو بەشـە هەڵچـوونیــیە لە خۆشەویستیدا، کە پێک دێت لە هەست کردن بە نزیکی و بەیەکەوە گرێدا لەگەڵ کەس تردا.

سۆزداری: بەشی پاڵنەرە لە بەشەکانی خۆشەویستی کە دەبێتە هۆی بەگڕخستنی هەستە ڕۆمانسییەکان و کێش کردنی جەستەی و ویستە سێکسییەکان.

پابەندبوون (پەیماندان): بەشی عــەقـلانیــیــەتی جـوولێنەری پێـوەندییەکـان لە کـاتی کـورتدا، لە ڕێگای بڕیاردان بە قـبـوڵ کـردنی لەلایەن مـەبدەئیـەوە، و کـاتی دووریشـدا -وەک پابەندبوون بە بەردەوام بوون لەسـەر پێوەندی لە داهاتوودا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێـویستە بزانین کە چەندان ئەلتەرناتیڤی تریش هەیە بۆ تیـۆرەکەی ستـیـرنبـرگ لە گرنگترینیان شەش جۆرەکەی خۆشەویستی کە هەریەکە لە هندرل و هاوڕێیەکانی گریمانەیان کرد لەساڵی ١٩٨٨ کەوا بەدەردەخات خۆشەویستی شتێکی جیاوازترە بۆ خەڵکی بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی کەهاوسەر و هاوبەشی یەکتریشن لەیەک پێوەندیدا.

٢- تیۆری پاڵاوگە Filter Theory:

هەریەکە لە کیـرکوف و دیفز ١٩٦٢ کە بە خاوەنی ئەم تیـۆرە هەژمـار دەکـرێن وای بۆدەچن کە پێـوەندییـەکـانی نێوان مرۆڤەکان بە زنجیرەیەک لە فلتەر، یان پاڵاوگەدا دەڕوات. بۆ پشت بەستن بەم گــریمانەش هەڵـسـان بەبەراوردکـردنی پێـوەندییـە تازەکـان کـە (یەک سـاڵی تێنەپەڕاندبوو) لەگەڵ پێوەندییە کۆنەکانی کە (ساتێکی تێـپـەڕاندبوو) بینیــیـان کـەلەیەکـتـرچوونێک هەیە لە پشـتـێنەی کـۆمـەڵایەتی و دیموگـرافی (وەک ڕەچەڵەک، ئایین، ئاسـتی کـۆمـەڵایەتی) کـە چەند پاڵاوگـەیەک سـەرەتایین، چونکە ئەمـانە توانای بەیەکـتـر گـەیشـتنی کـەسـەکـان دیاری دەکـەن بە پلەی یەکـەم. بۆیە وا دیاردەکەوێت کە هەڵبـژاردنمان بۆ کەسی خۆشـەویست و هاوڕێیـانمان بەو هەڵانە دیار دەکـرێن کـە توانیـومـانە چاومـان پێیـان بکەوێت، ئەگەریشی هەیە دیاری بکرێت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی.

ئەمەو، خاسێتە دەروونییەکان، بەتایبەت لەیەکترچوون لە بەها بنەڕەتیــیـەکـان، بە پاڵاوگـەی دووەم هەژمـار دەکرێت، لەم بوارەشدا کیـرکۆف و دێفز گـەیشـتنە ئەو ڕاستییەی کە لەیەکترچوون پێشبینی دەکات بە جێگیری پێوەندی زیاتر لە هەر گۆڕاوێکی تر لە حاڵەتی پێوەندییە تازەکـانـدا، بەڵام هەرچی پێـــوەندی بە پێـــوەندییــە درێژخایەنەکانەوە هەیە ئەو تەواوکاری لە پێـویسـتـییـە دەروونیـیـەکـاندا بەهێزترین گۆڕاوە کـە کـاریگـەری هەیە لەسەر پێشبینی کردنی جێگیری پێوەندی. لەم بوارەشدا کـیـرکـوف و دیفـز گـۆڕاوی تەواوکـاری لە پێـویسـتـیـیـە دەروونیـیەکـاندا وەک پاڵاوگـەی سێیـەم تەماشادەکەن لە جێگیربوون و هاوسەنگی پێوەندی بە درێژی کات.

٣- تیـۆری مۆرسین Mursetens Theory:

مۆرسین وای بۆ دەچێت کە پێـوەندییە ئەڤینداریـیەکان بە چەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت کە بە:

یەکـەم: کـێش بوون لەسـەر بنەمـای خـاسـێـتـە دەرەکییەکانی (وەک جوانی ڕوخسار).

دووەم: قۆناغی بەهاکان کە تێیدا لەیەکترچوون لەبەها و بۆچوونەکـاندا زۆر گـرنگ دەبێت بۆ خـۆشـەویسـتی و دروست بوونی پێوەندی نێوان کەسەکان.

سـێـیـەم: قـۆناغی ڕۆڵ، کـە ئەو قـۆناغـەیە پێـویست دەکـات لەسـەر هەر دوولایەکـە هەڵسن بەو ڕۆڵەی کـە پێـویسـتـە ئەنجامی بدەن لە دروست بوونی پێـوەندیدا، وەک هەڵسان بە نواندنی ڕۆڵی پیاو یان ژن.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم سێ هۆکارە کاریگەری تایبەتیان هەیە لەسـەر بەردەوام بوونی پێـوەندی، بەڵام گـرنگی هەریەکـیـان لە قـۆناغـێکی دیاریکراودا بەتایبـەتی بەدیاردەکەوێت وەک لەم شێوەیەدا دیارە:



**قۆناغەکانی پێوەندی لە تیۆری مۆرستین**

٤- تیۆری لیڤنگر Levinger’s Theory:
لیڤینگر وای دەبینێ کە پێوەندییەکان بە پێنج قۆناغدا تێپەڕ دەکات کە ئەمان:
١- یەکتر ناسین.
٢- سرنج ڕاکێشانی سەرەتایی.
٣- دروست کردنی پێوەندی.
٤- جێگیربوونی پێوەندی یان بەردەوام بوون لەسەری.
٥- تێکچوون و لاربوونەوە.
٦- کۆتایی
هەریەکێک لەم قۆناغانە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ کاردەکات بۆ پاڵنان بە پێوەندی بەرەو پێشەوە هۆکاری نێگەتیڤیش کە دەبێتە هۆی گەشەنەکردن، یان کۆتایی پێ هێنانی.
٥- تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی:
هومانز ١٩٧٤ بە دانەری بەردی بناغەی ئەم تیۆرە دادەنرێت، وای بۆ دەچێت کە ئێمە تەماشای پێوەندییەکانمان بەکەسانی ترەوە لەژێر ڕووناکی قازانجی بەدەست هاتوو لێوەی، واتا ئەوەی کە لەو پێوەندییە دەستمان دەکەوێت بە دەرهێنانی.
٥- تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی:
هومانز ١٩٧٤ بە دانەری بەردی بناغەی ئەم تیۆرە دادەنرێت، وای بۆ دەچێت کە ئێمە تەماشای پێوەندییەکانمان بەکەسانی ترەوە لەژێر ڕووناکی قازانجی بەدەست هاتوو لێوەی، واتا ئەوەی کە لەو پێوەندییە دەستمان دەکەوێت بە دەرهێنانی تێچوونەکان. جا هەر چەند دەستکەوتەکان زیاتر بێت و تێچوون کەمتر بێت ئەو پێوەندی سرنج ڕاکێشتر دەبێت.
بلاو ١٩٦٤ وای بۆ دەچێت کە تێکەڵاوبوونەکانی نێوان کەسەکان «یەکجار بەنرخە». بەمانای ئەوەی کە ئەوان هەوڵێکی زۆر و کاتێکی زۆر توانایەکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن، جگە لەوەی کە دووچاری هەست و شارەزای ئازاراویانە دەبن لە پێوەندییەکاندا، بەهۆی ئەمانەوە پێویست دەکات ئەوەی بەدەستی دەهێنن لەو پێوەندییانە زیاتر بێت لەوەی کە بەفیڕۆی دەدەن.
هەروەها هەریەکە لەبیرشاید و والستر ١٩٧٨ وای بۆ دەچن کە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە ناواخنیدا هەڵگری پاداشتی ئاڵوگۆڕە (وەک سۆزداری و زانیاری و شوێن پێی کۆمەڵایەتی) بۆیە خەڵکی پێوەندییەکانیان لەسەر بنەمای ئەو پاداشتانە دروست دەکەن کە خەڵکی پێیان دەبەخشن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە ئەمان دەیبەخشن.
تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی وای بۆ دەچێت کە مرۆڤەکان بوونەوەری خۆپەرستن لە سروشتدا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کەسێتی دروست دەکەن.
لەم بوارەشدا فرۆم ١٩٦٢ جیاوازی دەکات لەنێوان خۆشەویستی ڕاستەقینە کە لەسەربنەمای بەخشین دروست بووە لەگەڵ خۆشەویستی شێوەی «بازرگانی» کە پشت بە چاوەڕێ کردنی بەرانبەر دەبەستێ. هەریەکەش لە ملز و کلارک ١٩٨٠ هەڵوێستێکی پشتگیرانە دەگرنە بەر بۆ ئەم ڕوانگەیە، جیاوازی دەکەن لەنێوان پێوەندییە سۆزدارییەکان کە ئەمانەن: پێوەندی کێشکاری Com-munal relationship، کە تێیدا هەردوو هاوبەشەکە گرنگییەکی ڕاستەقینە بەرانبەر یەکتر پێشکەش دەکەن. جۆری دووەمیان پێوەندی ئاڵوگۆڕییە Exchange relationship کە تێیدا هەردوو لایەنەکە تۆمارێکی زێڕین لەنێوانیان دروست دەبێت لە بەخشش و بەخشین.
٦- تیۆری دادوەری (الاصناف) fquity Theory:
تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە ڕوانگەیەکی فراوانتر لە پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان کە ناسراوە بە تیۆری دادوەری. کە بێجگە لە توخمی قازانج و زیان کە تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی گرنگیانەی دەکات، تیۆری دادوەری هزری بەرهەمهێنانیش زیاددەکات.
براون ١٩٨٦ نوێنەرایەتی ئەم تیۆرە دەکات دەڵێت: «وەبەرهێنانەکانی مرۆڤ لەم ژیانەدا تەنیا پارە نییە، بەڵکو هەر شتێک کە زیاد دەکرێت یان لە دەستی دەدات بە بەرهەمهێنان هەژمار دەکرێت. وەبەرهێنان ئەو هۆکارەیە کە ئەگەری هەیە کێشی خۆی هەبێت لە دیار کردنی دادوەری ئەو قازانجانەی کە تاک بەدەستی دەهێنێت، یان ئەو زیانانەی کە دووچاری دەبێتەوە بە مانای ئیساف ڕێژەییەکە لە تێچوون یان بەدەستهێنان لەبەرانبەر وەبەرهێنان و بەدەستەواژەیەکی تر لێرەدا جەخت کردن لەسەر دادوەری دەبێت نەک یەکسانی.

## بەكورتی

ڕەهەندێكی بنەڕەتی هەیە كە دەبێتە هۆی جیاوازبوونی ڕۆشنبیری كۆمەڵگاكان كە ئەویش ڕەهەندی (تاك- كۆمەڵ)ە. بەشێوەیەك ڕۆشنبیرییە تاكگەراییەكان جەخت لەسەر دەستكەوتە تاكییەكان و پشت بەستن بە خود دەكەن، لەكاتێكدا ڕۆشنبیرییە كۆمەڵییەكان جەخت لەسەر كۆمەڵ و بەرژەوەندییەكان دەكات. جیا لەوەش پێویستە ئاماژە بۆ گۆڕانكاری و گەشەی پێوەندییەكان بكەین لەگەڵ ڕۆژگاردا. لەم نێوەندەشدا سۆز و خۆشەویستی ڕێكخستنی هەموو لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ لە ڕووی ویژدانی و ژیرییەوە، هەر سۆز و خۆشەویستیش دوو هۆكارن بۆ ڕێكخستنی سروشتی هەڵچوون و پێوەندییەكانی ژیانی مرۆڤ، بەبێ سۆزیش ژیان و تەندروستی مرۆڤ دەكەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی پاڵنەرە خێراكان و سەرەتایەك دەبێت بۆ نامۆبوون و دووركەوتنەوەی مرۆڤەكان لە یەكتر.



**سەرچاوەكان:**

**- فرويد، سيغموند (١٩٧٧) الحرب، الحضارة، الحب، الموت. ترجمة عبدالمنعم الحفني، مصر مكتبة المدبولي.**

**- فروم، اريك (١٩٨٩) الانسان بين الجوهر والمظهر، ترجمة سعد زهران، الكويت، سلسلة علم المعرفة، العدد (١٤٠).**

**- ستوبس، ماري (١٩٦٣) زواج الحب، ترجمة سمير عبده، بيروت مكتبة المعارف.**

**- غرانبرغر، بلا (٢٠٠٠) الترجمة «دراسة نفسية»، ترجمة وجيه اسعد، دمشق، وزارة الثقافة.**

**- نظمي، فارس كمال، (١٩٩٩) الحب الرومانسي بين الفلسفة وعلم النفس، بغداد، مكتبة الوقت للطباعة.**

**- نوري، سعيد محمد (٢٠٠٦) صورة الجسم وعلاقتها بالأعراض النرجسية لدي المراهقين والمراهقات. (رسالة ماجستير غير منشور) جامعة صلاح الدين - اربيل.**

**- صالح، قاسم حسين (٢٠٠٦) محاضرات الدراسات العليا في علم النفس الاجتماعي، جامعة صلاح الدين، كلية التربية للعلوم الانسانية- قسم علم النفس.**

**- نوری، سەعید محەمەد (٢٠٠٤) خۆشەویستی لە ڕووی پێكهاتەوە. گۆڤاری ڕامان. ژمارە ٨١-٨٢-٨٣.**



*** هەڵگری تێزی ماستەرە لە زانكۆی سەلاحەدین.**